# سمیناری رابەری بۆ کادرانی حیزب لە شاری کەرکوك





رۆژی 2006/6/30 کۆمیتەی کەرکوك سمیناریکی بۆ کادرانی ریکخراوی حیزبمان لە شاری کەرکوك لە گەل رابەری حیزبدا ریك خست.

هاورییان ئەمجەد غەفور سەرۆکی مەکتەبی سیاسی، رەمەزان سابیر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو ئازاد مەجید ئەندامی کۆمیتەی رابەری ریکخراوی کوردستان باسەکانیان پیشکەش کرد

سەرەتا ئەمجەد غەفور باسیکی کردەوە لەسەر وەزعی سیاسی عیراقو هەلگیرسانی شەری ناوخۆ، وەکارکردی ئەم شەرە لەسەر وەزعی کەرکوك رونکردەوە، لە باسەکیدا تەئیکدی لەسەر زیاتر توند بونەوەی وەزعی نائەمنی عیراقو ناجگیری سیاسی شەری تائفیو قەومی کرد، هەروەها دەربارەی مەترسی تەشەنەی ئەم شەرە بۆ ناو شاری کەرکوك لە ریگەی دەخالەتو کیشمەکیشی هیزە میلشیایەکانەوەو هەولدانیان بۆ گەورەکردنەوەی کیشەی کەرکوك دریژەی بە باسەکەی دا، پاشان دەربارەی نەخش و سیاسەتی ئیمە لە نیو کیشمەکیشی ئەو هیزانەدا خستەروو کە تەئکیدی لەسەر فەعالکردنی کۆنگرەی ئازادی عیراقو پیکهینانی هیزی ئەمان بۆ پاراستنی خەلکی شاری کەرکوكو بەرگری لە هەویەی ئینسانی خەلکی کەرکوك رۆشنکردەوە. ئەو باسە بە پرسیارو وەلام کۆتایی هات.

باسی دووەم هاورییان رەمزان سابیرو ئازاد مەجید پیشکەشیان کرد دەربارەی دەورو نەخشی حیزب لە ریکخستنو رابەریەتی کردنی نارەزایەتیە جەماوەریەکاندا، تەئکیدیان لەسەر بونی نارەزایەتیەك فراوان کرد کە لە ئاستی کوردستان بە گشتیو کەرکوك بە تایبەتی شەپۆل ئەدا، لەو بارەوە تەجرەبەی رابەری خۆیان لە خۆنیشانداکانی کەرکوکداو چۆنیەتی بەردەوام بونو رابەریەتی حیزبیان لیکدایەوە، دواتر باسەکان بە پرسیارو وەلامو ئامادەییو شۆروشەوقی هاورییان کۆتایی هات.

کۆمیتەی کەرکوکی

حیزبی کۆمۆنستی کریکاری عیراق